حکومەتی هەرێم: حکومەتی فیدراڵ بەرپرسە بەرامبەر بە هێرشکانی سەر بارەگای پێشمەرگە

گوتەبژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، شەوی ڕابردوو بە دوو درێنی بەمبەڕۆکراو هێرشکراوەتە سەر بارەگایەکی هێزکانی پێشمەرگە و، هێرشکە "زیانی گیانی نەبووە و تەنیا زیانی ماددی لە کەوتووە".

ئەمڕۆ یەکشەممە، 31-12-2023، پێشەوا هەورامی، گوتەبژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بۆ کرد، "شەوی ڕابردوو (شەممە، 30-12-2023)، کاتژمێر 11:45 خولەک؛ بە دوو درێنی بەمبەڕۆکراو هێرشکرایە سەر بارەگایەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری پیرمام هەولێر کە خۆشبەختانە زیانی گیانی نەبووە و تەنیا زیانی ماددی لە کەوتووە".

گوتەبژی حکومەت ئاماژەی بۆش کردووە، "ئەم هێرشە تیرۆریستیە لە لایەن هێزکی لە یاسادەرچوو بە چاوساخی و هاوکاریی جاش و هاوکارەکانیان بە سەر بنکەیەکی هێزی پێشمەرگە مەترسیدار و شێفرێشتنە".

پێشەوا هەورامی دەڵێت: "ئەمە ئەو لایەنانە و حکومەتی فیدراڵ بە بەرپرس دەزانین بەرامبەر بەم هێرش

ترسنکانە، چونکە ئەم گرووپە لە یاسادەرچووانە لە لایەن حکومەتی فیدرالی بودجە و موچەیان پێ دەدرێت و چەکدار دەکرێن و بە بەر چاوی حکومەتی عێراقەوە هاتووچۆ دەکەن و چەک و موشەک و درێن دەگوازنەوە و هەرشی تیرۆریستی دەکەنە سەر دامودەزگا فەرمی و سەربازییەکان".

ئاوێشی خستووەتەوو: "لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراق بە دەنگ و بە توانایەوە بەرامبەریان، بەڵام ئازایە لە بڕیینی قوتی خەڵکی کوردستان و بە هەمان پارێ ئەم گروپانە پارێدار دەکرێن. چاوەڕوانی وەڵام و هەنگاوی کرداری لە سەرکۆزیرانی حکومەتی فیدرالی دەکەین لە سزادانی ئەم گروپانە و هەر وەڵامدانەوەیەکیش لە کات و ساتی گونجاودا بە مافی خۆمان دەزانین. داواش لە هەموو دەست و لایەنەکان دەکەین کە لەو کردارە تیرۆریستیە بە دەنگ نەبن و پشتیوانمان بن بە هەر بڕپڕچدانەوەیەک کە بە گونجاوی بزانین".